## ستار رەئوف
## خەڵاتی باشترین مۆنتاژ لە ئوستراليا



لە فیستیڤاڵی سدنی لە ئوستراليا، کە رۆژانی ١٦-٢٠٠٧/١١/١٨ بەردەوام بوو، فیلمی کوردی (رۆح سپییە ، جەستە رەشە) خەلاتی یەکەمی بۆ مۆنتاژ وەرگرت، ئەم فیلمە لە دەرهێنانی چیا یاسینو کامێرای هێمن کاکەیيو مۆنتاژی ستار رەئوف-ە. لەبارەی وەرگرتنی خەلاتەکەوە ستار رەئوف خۆشحاڵی خۆی دەربڕیو بە پەیک-ی راگەیاند: «بەدەستهێنانی هەر خەلاتێک ئەرکی سەرشانی مرۆڤ قورستر دەکاتو من بە پێویستی دەزانم لێرەدا سوپاسی ئەو خوێندنگەیە بکەم کە یەکەم وانەی مۆنتاژی فێرکردم کە ئەویش خاک TV یە».

ستار رەئوف یەکێکە لەمۆنتێرەکانی تەلەفزیۆنی خاکو خاوەنی مۆنتاژی چوار کورتە فیلمو هەردوو درامای (خانمی سپێدەو ئاریـــــــا)یە، ئەمە جگە لە دوازدە کلیپی منداڵانو هەشت گۆرانی گەورەو چەندین بەرنامەی دۆکۆمێنتییو هونەریی وسیاسیی.

## وەزارەتی رۆشنبیری
## دیدارێک بۆ پیرەمێرد ساز دەکات



**بڕیار نامیق**

بەڕێوبەرێتی راگەیاندنی سلێمانی، لەمانگی ئایندەدا دیداریٚ پیرەمێرد بۆ رۆژنامەگەریی سازدەکات. لەو بارەیەوە سەلاح ئەحمەد رەشید بەرێوبەری راگەیاندنی سلێمانی بە پەیک-ی راگەیاند: «لەم دیدارەدا ٢٥ میوان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە بەشدار دەبنو نامیلکەیەک بە تیراژی ١٠٠٠ دانە لەسەر ژیانو بەرهەمەکانی پیرەمێرد چاپو بلاودەکرێتەوە. هەروەها فیلمێکی دۆکۆمێنتی پێشکەش دەکرێتو پەیمانگای هونەرە جوانەکانیش سروودێک لەسەر پیرەمێرد ئامادە دەکات». هەر لەم دیدارەدا کە ماوەی سێ رۆژ دەخایەنێت، قۆناغی چواری کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی گەشتێکی رۆژنامەنوسی سازدەکات.

## پرۆژەی دەرهێنانی ٥ فیلمی دۆکیومێنتی لە لایەن (ئەنستیتۆی کوردی- فەرەنسی)ەوە

ئەم پرۆژەیە بە هاوکاری
Nisi Masa réseau du jeune cinéma européen
Secteur Cinéma Université de Provence پێشنیارکراوە

ئامانجەکان: وتنەوە و فێربوونی بنەما تەکنیکیەکان بۆ گێرانەوەی چیرۆکەکان لە رێگەی فیلمی دۆکیومێنتەوە.

هاندانی گەنج بۆ دەربرینی داهێنەرانە لەسەر وڵاتی خۆیان.

مەسەلەی بەرهەم هێنان و بلاوکردنەوەی فیلم و سازدانی فیستڤاڵ بۆ ٥ فیلم کە هەریەکەی ١٠ بۆ ١٥ دەقیقە دەخایەنێت

پێشخستنی پەیوەندی کلتوری نێوان کوردستان و فەرەنسا

بەشداربوون ١٥ کەس بریتی ئەبێت لە ٥ گروپ هەر گرێێک بریتیە دەرهێنەرێک، وینەگر، دەنگ هەلگر

فەرەنسیەکان بریتین لە دەرهێنەرێک، مۆنتێر، وینەگر

ماوەی پرۆژە ٤ هەفتە بەم شێوەیە :
هەفتەی یەکەم: وانەی عەمەلی ــ وێنەگرتن
هەفتەی دووەم: پرۆسەی دەرهێنان
هەفتەی سێهەم : مۆنتاژ
هەفتەی چوارەم: سەیرکردن و راگۆرینەوە لەسەر فیلمەکان ئەگەر پێویستی کرد گۆرینی مونتاژ ، نیشاندانی فیلمەکان لە هۆلە جیاوازەکان لە هەرسێ شاری سلێمانی و هەولێر و دهۆک دواتر ریکخستنی نمایش لە فەرەنسا

## قادر دیلان
## لەمەنفاوە بۆ ئامێزی نیشتمان









**هەڵۆ ئەبوبەکر**
**فۆتۆ: محەمەد عومەر**

سـەعـات ٧:٣٠ی سەرلەبەیانی ٢٠-١١-٢٠٠٧ لەفرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر، وەزیری رۆشـنـبـیریو چەندین کەسایەتیو هونەرمەند پێشوازیيان لە تەرمی هونەرمەندی مۆسیقارو نیشتیمانپەروەر (قــادر دیلان) کرد، کە لە پراگ-ی پایتەختی وڵاتی چیک- وە بەرێکرابوو. دواتر لەسەعات ١٢ی نیوەرۆدا لەلایەن خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد –وە لە شارۆچکەی کۆیە پێشوازی کراو هەمان رۆژ لە گۆرستانی شەهیدانی شۆرشی نوێ لە گردی ئابلاخ، لە شاری سلێمانی بە خاک سپێردرا. ئەختەر خان-ی خێزانی حەمە سالح دیلان وەک بنەماڵەی هونەرمەند سوپاسی ماندووبونی هەموو لایەکی کردو وتی: « گەرانەوەی تەرمی قادر دیلان بۆ کوردستان، حەزو ئاواتێکی گەورەی خۆی بوو، کە زۆر جار دەیــووت دەمــەوێ لە ئامێزی کوردستاندا دوا پشوو بدەم».

ستاف:
توانا ئەمین، شاخەوان سدیق
دیزاین : دیاری محەمەد

paik_rozhnama@yahoo.com